

# وار ڕاستی سەبارەت بە خوێدگای بنەرەتیی فینلەندی














Espoo Esbo · Helsinki · OULU · Oulu Capital of Northern Scandinavia · TAMPERE · TURKU · Vantaa · Tussitaiturit



له فینلەندا هەموو کەسێک بۆی هەیە هەمان شێوە بواری پەروەردە بێت و بخوێنێت. لە گشت خوێندگاکاندا پابەندن بە بنەماکانی هەمان نەخشەی فێرکردنی نیشتیمانی، وە خوێندنی بنەرەتی بۆ هەموان بەبێ بەرامبەرە.


وەرن با بە وردی سەیر بکەین:


# 1. خوێندنی بەزۆر



هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە بخوێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی سەرشانیەتی کە خوێندنی بنەرەتی تەواو بکات. کەسانی بەرپرس بەرامبەر بە خوێندنی منداڵ سەرپەرشتکارانیەتی.


# 2. مامۆستاکان




لە خوێنگای سەرەتاییدا مامۆستای تایبەتی پۆل وانەی زۆربەی بابەتەکان دەڵێتەوە. لە خوێندگای ناوەندیدا مامۆستای بابەت وانەی ئەو بابەتە دەڵێتەوە کە تایبەتمەندە تیایدا. گشت مامۆستاکان خوێندنی باڵایان خوێندووەو پیشەیین. هەوەها لە ناو پۆلدا کارمەندانی پیشەیی تریش کاردەکەن بۆ یارمەتی و پشتگیری خوێنکاران.

# 3. ڕۆژی خوێندن





لە کاتەکانی ڕۆژی خوێندندا بابەتی جیاواز دەخوێندرێت بەپێی نەخشەی وانەکان. ماوە لە نێوان وا
نەکاندا هەیە، واتا پشوی نێوان وانەکان. لە ڕۆژی خوێندندا خواردنی بۆ بەرامبەر پێشکەشی هەمو
و خوێندکاران دەکرێت.

# 4. هەڵسەنگاندن



مامۆستاکان توانای فێربوون و هەوڵدانی منداڵ هەڵدەسەنگێنن. بەراورد لە نێوان خوێنکاراندا ناکرێت، بەڵکو مەبەست پستگیری کردن و یارمەتیدانە.




لەپاش خوێندنی بنەرەتی خوێنکار داواکاری دەنێرێت بۆ خوێندنی پیشەیی، ئامادەیی یان خوێندنی ئامادەکاری. ئەو کەسەی کە خوێندنی بنەرەتی دەخوێنێت توانای بەردەوام بوونی خوێندن و ژیانی دوای